# گفتوگۆ لەگەڵ د.خەسرەو ئەحمەد خۆشناو، نووسەری دکتۆرانامە لەسەر شێوەزاری خۆشناوەتی

**ئا :هێمن عومەر خۆشناو**

## د.خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو: دەکرێت زمانی نووسین سوود لە کەرەستەکانی زمانیی و چەندین یاسای فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیی شێوەزاری خۆشناوەتی وەربگرێت.

شێوەئاخاوتنی ناوچەی خۆشناوەتی کە یەکێکە لە شێوە ئاخاوتنە دیارەکانی شێوەزاری سۆرانی لەناو زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، ئەمجارە بۆتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەکی دکتۆرا, گرنگی ئەم کارە لەوەدایە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی زارناسی نەبۆتە نەریتێك لەناو زانکۆکان ئەگەرچی وانەی زارناسی هەر ماوە, بەلاّم لای هەندێ کەس نەنگییە لێکۆڵەر خۆی لە قەرەی زارۆچکەو شێوە ئاخاوتنی گوندان بدا، چ جای ئەوەی نزیکەی سەت و پەنجا گوندی خۆشناوان داتای تێدا وەربگیرێ و وردەکاری سنوورەکەی و جیاوازی ئاخێوەرەکان بخرێتە روو. لەم سۆنگەیەوە بە پێویستمان زانی دیدەنی مامۆستا خەسرۆ ئەحمەد رەسول خۆشناو بکەین کە لە 18-11-2012 لە فاکەڵتی ئاداب ی زانکۆی سۆران گفتوگۆی نامەی دکتۆراکەی لەسەر شێوەئاخاوتنی خۆشناوان بوو و پلەی نایاب-ی بەدەست هێنا. - ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و تاوتوێکردنەکەیش بریتی بوون لە بەڕێزان:

1- پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین، زانکۆی بەغدا، سەرۆکی لیژنە.

2- پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید، زانکۆی سلێمانی، ئەندام.

3- پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر قەیس کاکل تۆفیق، زانکۆی سۆران، ئەندام.

4- پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر سەباح ڕەشید قادر، زانکۆی سەلاّحەدین، ئەندام.

5- پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر محەمەد ساڵح عەبدوللا سلێمان، پەیمانگەی تەکنیکی شێخان، ئەندام.

6- پرۆفیسۆر دکتۆر یوسف شەریف سەعید، زانکۆی سەلاّحەدین، ئەندام و سەرپەرشتیار.

**دیمانە:هێمن عومەر خۆشناو**

پ/ نامەی دکتۆراکەت بە ناونیشانی چی بوو؟

- نامەی دکتۆراکەم بە ناونیشانی (ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا) یە.

پ/ بۆچی ئەم ناونیشانەت هەڵبژارد؟

- هۆکەی ئەوەیە، کە ڕستە و کەرەستەکانی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا پێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (Government and Binding) شیبکرێنەوە و یاساکانی لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە بخرێنە ڕوو، کە تیۆرێکی جیهانیی بەناوبانگە و لە توانایدایە وردەکارییە زمانییەکان دەربخات. هەروەها تا ئێستا بە پێی تیۆرێکی زمانی لە سینتاکسیی شێوەزاری خۆشناوەتی نەکۆڵراوەتەوە و خۆشم یەکێکم لە ئاخێوەرانی گۆڤەرێکی ئەم شێوەزارە.پێویستە ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستێکی دیالێکتۆلۆجی دەکەن، ئاخێوەری ئەم شێوەزارە، یان ئەو دیالێکتە بن، کە لێیدەکۆڵنەوە، تاکو بتوانن ئەنجامی زانستی بخەنەڕوو.

پ/ چ ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەت پەیڕەو کردووە؟

- ڕێبازێی لێکۆڵینەوەکەم، بە پێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە( Government and Binding) ە، کە کورتکراوەکەی (GB) یە. ئەم تیۆرە هی زمانەوانی ناوداری ئەمریکی (چۆمسکی) یە.

پ/ بۆچی ئەم تیۆرەت هەڵبژارد بۆ لێکۆلینەوە لە سینتاکسی شێوەزاری خۆشناوەتی؟

- ئەم تیۆرە، تیۆرێکی زمانیی گشتییە (Universal) و لەسەر سینتاکس کاردەکات. تیۆری (GB) دەتوانێت گشت زمانەکانی جیهان بە دیالێکت و شێوەزارەکانییەوە شیبکاتەوە و لایەنە وردەکانی زمانیش دیاربکات، چونکە تیۆرەکە لە چەندین لقەتیۆر پێکهاتووە، کە بریتین لە تیۆرەکانی ئیکس باڕ (x-bar)، دۆخ (Case)، ثێتا (Theta)، بەستنەوە (Binding)، دەسەڵات (Government)، سنووردانان (Bounding) و کۆنترۆل (Control). تیۆری ناوبراو زۆر بەباشی لەگەڵ کردە سینتاکسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی دەگونجێت.

پ/ کەرەستەی نامەکەت چی بوو؟

- کەرەستەی نامەکەم لە زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی شێوەزارەکە وەرگیراوە. واتە توێژینەوەیەکی سینکرۆنییە. نموونەی ڕستەکان لەچەندین کەسەوە وەرگیراون، کە زۆربەیان نەخوێندەوارن، چونکە کەسانی نەخوێندەوار ناتوانن شێوەی ئاخاوتنیان بگۆڕن. بە پێی ڕێبازی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، کە خاوەنەکەی چۆمسکییە و تیۆری (GB) ش، لایەنی پێشکەوتووی ئەم ڕێبازەیە، دەبێت نموونەی زمانی لە ئاخێوەر و گوێکری نموونەیی وەربگیرێت.

پ/ ئایا لە ڕووی سینتاکسییەوە جیاوازی لە نێوان گۆڤەرەکانی شێوەزاری خۆشناوەتیدا هەیە؟

بەڵێ بە هۆی جیاوازی چەندین کردەی سینتاکسییەوە، شێوەزارەکە بۆ شەش گۆڤەر دابەشکراوە.

پ/ چۆن کارت لە پرۆژەکەت دەکرد؟

-تەوەرەیەك بریتی بوو لە گەڕان بە گوند وشارۆچکە و شارەدێکانی شێوەزاری خۆشناوەتیدا، بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتای زمانی. ئەم گەڕانە چەندین ڕۆژی خایاندووە. دواتر ڕستەکانم لەسەر کاغەز دەنووسییەوە. تەوەرەیەکی تر بریتی بوو لە دەستخستنی سەرچاوە، کە ئەمەش کاتێکی زۆری پێویست بوو. تەوەرەیەکی تر بریتی بوو لە وەرگێڕانی سەرچاوە بیانییەکان. تەوەرەیەکی تر بریتی بوو لە خوێندنەوەی سەرچاوەکان. تەوەرەیەکی تر بریتی بوو لە تێگەیشتنی وردی ڕێبازی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی بە گشت قۆناغەکانییەوە هەر لە ساڵی 1957 تاکو ئەمڕۆ لە نێویشیدا تیۆری (GB)، چونکە قۆناغەکانی ئەم ڕێبازە پەیوەندییان پێکەوە هەیە. تەوەرەیەکی تر بریتی بوو لە کارکردن لەسەر ڕستەکان بە پێی لقە تیۆرەکانی (GB). تەوەرەیەکی تر بریتی بوو لە هەڵهێنجانی یاسا سینتاکسییەکان بە پێی نموونەکانەوە. تەوەرەیەکی تر بریتی بوو لە خستنەڕووی ئەو ئەنجامە نوێیانەی کە بەدیهاتوون.

پ/ بە بۆچوونی تۆ، پێت باشە لێکۆڵینەوەکان بە پێی تیۆر بن؟

بەڵێ من پێم باشە بابەتە زمانییەکان بە پێی تیۆر بتوێژرێنەوە، چونکە کە بە پێی تیۆرێکی دیاریکراو لە بابەتێك لە بابەتەکانی ئاستێکی زمانی دەکۆڵیتەوە، ئەوا دەگەیتە چەند ئەنجامێکی ورد. هەروەها بیرت پەرش و بڵاو نابێت و دەتوانی چوارچێوەیەك بۆ کارەکەت دابنێیت.

پ/ ناوەڕۆکی نامەکە لە چی پێکهاتووە؟

- ناوەڕۆکی نامەکە لە پێشەکی و بەرایی و دەروازە و سێ بەش و ئەنجام و نەخشە و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە دەروازەدا باسی سنووری جوگرافی و ڕێزمانی گشتی ( Universal Grammar /UG) کراوە. بەشی یەکەم بە ناونیشانی ڕۆنانی گرێیە لە تیۆری (x-bar) دا. بەشی دووەم بە ناونیشانی پەیوندیی نێوان کەرەستەکانی ڕستەدا، لە سێ بەند پێکهاتووە. بەندی یەکەم بە ناونیشانی (پەیوەندییە ڤێماتیکییەکان و کاتیگۆرییەکان) ە. بەندی دووەم بە ناونیشانی ( دۆخی ڕێزمانی و کەرەستەکانی ڕستە) یە. بەندی سێیەم بە ناونیشانی (تیۆری بەستنەوە و کەرەستەکانی ڕستە) یە. بەشی سێیەم بە ناونیشانی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە دوو بەند پێکهاتووە. بەندی یەکەم بە ناونیشانی (ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەی ئاشکرادا) یە. بەندی دووەم بە ناونیشانی (ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا) یە.

پ/ ئایا دەکرێت زمانی نووسین سوود لە کەرەستەکانی زمانیی شێوەزاری خۆشناوەتی وەربگرێت؟

- بەلێ، بێگومان دەکرێت زمانی نووسین سوود لە کەرەستەکانی زمانیی وەکو مۆرفیم، ئیدیەم، پەندی پێشینان و چەندین یاسای فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیی شێوەزاری خۆشناوەتی وەربگرێت.

پ/ چەند سەرچاوەت بەکارهێناوە؟

- (141) سەرچاوەم بەکارهێناوە، کە (48) سەرچاوەیان بە زمانی کوردییە و لە ناویاندا، چەندین نامەی دکتۆرا و ماجستێر هەیە. (25) سەرچاوەیان بە زمانی عەرەبی، (31) سەرچاوەیان بە زمانی فارسی و (36) سەرچاوەیان بە زمانی ئینگلیزییە.

پ/ ئەو ئەنجامانە چین، کە لە نامەکەدا پێی گەیشتوویت؟

ئەنجامەکان بریتین لە:

1- لە بارەی گرێ لێکسیکییەکانەوە:

أ- (گرێی ناوی): a - لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لە دۆڵی مەلەکان، دۆڵی بالیسان و چەند ناوچەیەکی دۆڵی هیران - دەشتی هەریردا، گەر ناو ئارتیکلی نەناسراوی و تاکێتی (ەك) ی وەرنەگرت، ئەوا ناوەکە ناسراوە.

b- لە فراوانکردنی گرێی ناوی بەهۆی کلیتیکی خاوەنیەتییەوە، دەشێت سەرە ڕاناوی کەسی جودا بێت و کلیتیکی خاوەنیەتیش، ڕاناوە لکاوە کەسییەکانی کۆمەڵەی (A) بێت.

c- لە فراوانکردنی گرێی ناوی بەهۆی کلیتیکی خاوەنیەتییەوە، ئەگەر کلیتیکی خاوەنیەتی، ڕاستەوخۆ لە دوای ناوەوە بێت، کلیتیکەکان بریتین لە: (م، ت، ی، و، ن، یان)، بەڵام لە ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕدا، کە کلیتیکی خاوەنیەتی لە ئەنجامی بە کلیتیککردن و گواستنەوە بەرهەم دێت، ئەوا دەچنە ناو پێکهاتەی کار و بریتین لە: (م، ی، Ø، ین، ن، ن).

d - دەشێت وشەکانی نیشانە گرێی ناوی فراوانبکەن. وشەکانی نیشانەی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، چەند فۆڕمێکی هەیە کە بریتین لە: لە (د ه، د ت، د س، د ك) دا، (ئەوە) بۆ تاکی نزیکە و (ئەوانە) بۆ کۆی نزیکە، بەڵام (ئەوێهێ) بۆ تاکی دوورە و (ئەوانێهێ) بۆ کۆی دوورە. بەشێوەیەکی گشتی لە (د م) و (د ب) دا، (ئەوی/وی) بۆ تاکی نزیکی نێرە و (ئەوێ/وێ) بۆ تاکی نزیکی مێیە. (ئەوانە) بۆ کۆی نزیکە، بەڵام (ئەوێهێ/ئەواهێ، ئەو) بۆ تاکی دووری نێر و مێیە و (وانێهێ) بۆ کۆی دووری نێر و مێیە.

ب- (گرێی کاری):a- ئەسپێکتەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی بریتین لە: {(ئە/دە) ئەسپێکتی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە}، { لە دۆڵی مەلەکان، دۆڵی هیران - دەشتی هەریر، دۆڵی تەوسکە، دۆڵی سماقوولی، دۆڵی کۆڕێ - پیرمام و دەوروبەریدا، (یە) ئەسپێکتی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە، بەڵام لە (دۆڵی مەلەکان و دۆڵی بالیسان) دا، (ئا... یە) ئەسپێکتی ڕابردووی تەواوی

ڕاگەیاندنە. لە ڕستەدا، کاتێك بەرکاری ڕاستەوخۆی کەسی سێیەمی تاك بە کلیتیك دەکرێت، ئەسپێکتی (یە) دەبێتە (یت) هەروەها ئەسپێکتی (ئا...یە) دەبێتە (ئا...یت)، بەلام کە بەرکاری ڕاستەوخۆ (جگە لە کەسی سێیەمی تاك) بە کلیتیك بکرێت، لە ئەسپێکتەکە /ە/ تێدەچێت. لە (گوندی هەرتەڵ، بەرۆژە، بێناتان) ی سەر بە (دۆڵی بالیسان) دا، کە بکەر وەکو مۆرفیمی سەربەخۆ دەربڕرابێت، بەرکاری ڕاستەوخۆش، چ وەکو مۆرفیمی سەربەخۆ دەربڕرابێت، چ بە کلیتیك کرابێت، ئەسپێکتی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن بریتییە لە: (ە)، بەلام ئەگەر بکەر (pro) بێت و بەرکاری ڕاستەوخۆش وەکو مۆرفیمی سەربەخۆ دەرنەبڕابێت، ئەسپێکتی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن بریتیدەبێت لە: < ەت >}، {(بوو) ئەسپێکتی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنە}، {(با) ئەسپێکتی ڕابردووی نزیکی مەرج و خۆزگە و دانانییە}، {(ب...با) ئەسپێکتی ڕابردووی بەردەوامی مەرج و خۆزگە و دانانییە}، {(ب) ئەسپێکتی ڕابردووی تەواوی مەرج و خۆزگە و دانانییە}، {(ە) ئەسپێکتی داهاتووە}، {(ئا...ە/ئۆ...ە) ئەسپێکتی ئێستایە، بەلام کاتێك مۆرفیمی توخم (ئی، ئە) دەکەوێتە پێش ئەسپێکتی ئێستا، ئەسپێکتەکە شێوەی فۆنەتیکیی نامێنێت}، {(ب/ وە) ئەسپێکتی ڕانەبردووی مەرج و خۆزگە و دانانییە}، {(ب/ وە) ئەسپێکتی فەرماندانە}.

b- مۆرفیمەکانی نەرێ بریتین لە: (نە-، نا-، ن-، نی-، مە-).

c- نادیاری لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا: لە شێوەی نادیاریی مۆرفۆلۆجیدا، مۆرفیمی نادیاری بریتییە لە (ر)، شێوەکەی تریشی بریتییە لە: مۆرفیمی کاری یاریدەدەر بەپێی دەمەکان لە (هاتن) وەردەگیرێت + (ە) + چاوگ + مۆرفیمی (ێ). ئەم شێوەیەی دوایی، ڕابردووەکەی لە گۆڤەری دۆڵی مەلەکان هەیە و ڕانەبردووەکەشی لە گۆڤەرەکانی تر هەیە.

d- مۆرفیمەکانی کات : {مۆرفیمی کاتی داهاتوو لەگەڵ کاری تێنەپەڕ بریتییە لە (ێ)، لەگەڵ کاری تێپەڕ بریتییە لە (ی)}.

e- مۆرفیمی دووبارەبوونەوە بریتییە لە (_ۆ/ _ەوە ).

f- لە (دۆڵی مەلەکان، دۆڵی بالیسان، دۆڵی هیران - دەشتی هەریر) دا، پاشکلیتیکی (ە) لە دەمی نزیکی کاری ڕابردووی مەرج و حۆزگە ودانانیی بوونی بوونەکی (بێ تەواوکەر، یان تەواوکەری لەگەڵدابێت) و دەمی نزیکی ڕابردووی مەرج و حۆزگە ودانانیی کاری هەبوون (بێ تەواوکەر، یان تەواوکەری لەگەڵدابێت) بەکاردێت.

پ- (گرێی ئاوەڵناوی): ئاوەڵناو، کە دەبێتە سەرە، گەر پلەی بالا بێت، بەم شێوانەی خوارەوە ڕۆدەنرێت:

یەکەم: گرێی پێشناوی + ئاوەڵناوی پلەی بەراورد.

دووەم: ڕادە + گرێی پێشناوی + ئاوەڵناوی پلەی بەراورد.

ت- (گرێی پێشناوی): a- لە گرێی پێشناویدا، دەشێت تەواوکەری سەرە بریتیبێت لە: گرێی ناوی، ڕادە، چاوگ، مۆرفیمی تاکبەندی، ئەدڤێربڵ. کە تەواوکەری سەرەش، بریتیبێت لە ڕاناوە کەسییە جوداکان، ئەوا ڕاناوە کەسییە جوداکان بریتییدەبن لە: { من، تـوو، وی/(وی، وێ)، مە، نگۆ/ وە، وان}.

b- دەشێت گرێی پێشناوی لە پێش کار، یان لەدوای کار بێت. ئەگەر گرێی پێشناوی لەدوای کار هات و کارەکە کۆتایی بە ڤاولی/ا/ هاتبوو و کاتی کارەکە ڕابردوو بوو، پێشناوی/ە/ لە ڕۆنانی ڕووکەشدا، شێوەی فۆنەتیکیی نامێنێت.

c- دەشێت دوو گرێی پێشناویی لە دوای یەکتربێن. گرێی پێشناویی یەکەم، دەبێتە سپێك و گرێی پێشناوی دووەم دیاردەخات.

2- لە بارەی گرێ ئەرکییەکانەوە:

أ- گرێی دیاریکەر(DP): لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، دەشێت مۆرفیمی خستنەپاڵ سەرەی (DP) بێت. سەرەکەش دەبێتە سەرە سەرەتا. مۆرفیمەکانی خستنەپاڵیش لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ، بەپێی گۆڤەرەکانی بریتین لە: {لە (دۆڵی مەلەکان) و زۆربەی ناوچەکانی (دۆڵی بالیسان) دا، مۆرفیمی خستنەپاڵی (ا) بۆ ناوی مێ و مۆرفیمی خستنەپاڵی (ێ) بۆ ناوی نێرە}،{لە چەند گوندێکی (دۆڵی بالیسان) دا، وەکو: ( زێوە، هەرمك، مەلۆك) لە گرێی ناویی فراوانکراودا بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە، ئەگەر ناویی دیارخراو تاکی نێر بێت، ئەوا مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) بەکاردێت، بەڵام ئەگەر ناویی دیارخراو تاکی مێ بێت، ئەوا مۆرفیمی خستنەپاڵی (ێ) بەکاردێت، بەڵام ئەگەر ناوی دیارخراو کۆی نێر و مێ بێت، ئەوا مۆرفیمی خستنەپاڵی (یێ) بەکاردێت}،{ لە هەندێك گوندی (دۆڵی مەلەکان، دۆڵی بالیسان، دۆڵی کۆرێ و دۆڵی سماقوولی) دا، مۆرفیمی خستنەپاڵی (ە) بۆ ناوی مێیە و بەکارهێنانی لە کەمبوونەوەدایە. مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) ش، بۆ ناوی نێرە}، {لە (د س) دا، دیارخەری ناو زیاتر بە هۆی کلیتیکەوە ئەنجامدەدرێت، بەڵام کاتێك بە هۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە ئەنجامدەدرێت، مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) بۆ ناوی نێر و مێیە}. { لە دۆڵی هیران - دەشتی هەریر و دۆڵی تەوسکەدا، مۆرفیمی خستنەپاڵی (ێ) بۆ ناوی نێر و مێ بەکاردێت}.{ کاتێك دیارخراو ڕاناوی هەیی (ئی)، یان (ئێ) بێت، ئەوا مۆرفیمی خستنەپاڵ شێوەی فۆنەتیکیی نامێنێت و ئەبستراکت دەبێت}.

ب- گرێی ژمارە (Nump): گرێی ژمارە لە چوارچێوەی گرێی دیاریکەردا لێکدەدرێتەوە. سەرەی گرێی ژمارە مۆرفیمی کۆیە. مۆرفیمی کۆ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ، (ان)، یان (ا) یە. لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، بکەری ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕ و بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەی کار ڕانەبردووی تێپەڕ و بکەری ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕی وەکو (تێوەڕاخورین، تێفکرین،

پێوەنازین...هتد)، بە مۆرفیمی کۆی (ان/ا) کۆدەکرێنــەوە، گــەر نــاویش بــە ئاوەڵنــاو دیــارخرابوو، ناوەکە لەبەر دووبارەبوونەوە کرتێنرابوو، ئەوا مۆرفیمی کۆ بە ئاوەڵناوەوە دەلکێت. گرێی ژمــارە لــە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، دەتوانێت لە ڕستەدا ئەو ناوە لێکدراوانە شیکاربکات کە بــەهۆی مــۆرفیمی بەستنەوەی (و) لێکدراون و مۆرفیمی کۆش چــووەتە ســەر نــاوی دووەم لــە نــاوە لێکدراوەکــە، بــەم شیکارکردنەش گرێکە لێڵواتایی نامێنێت.

پ- گرێــی گــەردانی (IP) و گرێــی ڕێککــەوتنی بکــەری (AGRsP): a - لــە شــێوەزاری خۆشناوەتیدا، دەشێت (INFL)، کە مۆرفیمی ڕێککەوتن و کاتە، بەشێوەی فۆنەتیکی دەرنەکەوێت و ئەبستراکت بێت.

b- لە ڕستەی کار ڕانەبردووی تێپەڕ، ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنەپەڕ و ڕستەی فەرمانداني نائاشکرای کار تێپەڕ و تێنەپەڕدا، گرێی نــاویی بکــەر بــە هــۆی ڕێککەوتنــەوە کۆدەکرێتــەوە و ڕێککــەوتنیش لەنێوان بکەر و کاردا دەبێت و دەشێت بە (IP)، یان <u>AGRsP</u>) شیکاربکرێن. هەروەها دەشــێت لە ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕدا، کە ڕێککــەوتن لــەنێوان بکــەر و بــەرکاری ڕاســتەوخۆدا بێــت، بــە مەرجێك بکەر کەسی سێیەمی تاك نەبێت، بە (IP)، یان (AGRsP) شیکاربکرێن.

ت - گرێی کات (TP): لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، ئەو ڕستە کار ڕابردووە تێپەڕانەی کە کلیتیکــی بکەری بەشداری ڕۆنانیان ناکات، بە گرێی کات (TP) شیکاردەکرێن. مــۆرفیمی کــات لــە ڕســتەی شــێوەزاری خۆشــناوەتیدا، لــەناو پێکهاتــەی کاردایــە. ئــەو ڕســتانەی کــە ڕێککــەوتنی نێــوان کەرەستەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە، بەگرێی کات شیکار دەکرێن:

a- ڕێککەوتن لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەدا نییە، بە مەرجێك بەرکاری ڕاستەوخۆ کەسی ســێیەمی تاك، یان کۆ نەبێت. واتە بەرکاری ڕاستەخۆ کەسی یەکەم و دووەمی تاك، یان کۆ بێت.

b- ڕێککەوتن لەنێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ ( کەسی ســێیەمی تــاك، یــان کــۆ) و کــاردا دەبێــت بــە مەرجێك بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر ڕێکنەکەوتبن.

c- لە چەند گوندێکی دۆڵی بالیساندا، وەکو: (هەرتەل، بەرۆژە، بێناتان، زێــوە، هــەرمك، مــەلۆك) هەروەکو دیالێکتی کرمانجی ژووروو ڕێککەوتن لەنێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ (بــۆ گشــت کەســەکان) و کاردایە.

d- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی وەکو (تێوەڕاخــوڕین، تێفکــرین، پێوەنازین...هتــد) بێت، ڕێککەوتن لەنێوان کەرەستەکانی ڕســتەدا نییــە، بــە مــەرجێك بــەرکاری ناڕاســتەوخۆ کەســی سێیەمی تاك ، یان کۆ نەبێت.

ج- گرێی ڕێککەوتنی بەرکاری ڕاستەخۆ (AGROP) : لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لەو ڕستە کار ڕابردووە تێپەڕانەی کە ڕێککەوتنیان لــەنێوان بــەرکاری ڕاســتەوخۆ و کــارە، بــە گرێــی ڕێککــەوتنی

بــەرکاری ڕاســتەخۆ (AGROP) لــە چوارچــێوەی (IP)، یــان (AGRsP) شــیکاردەکرێن.
ڕێککەوتنی نێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ و کاریش ئەم شێوانەی هەیە:

a- ڕێککەوتن لەنێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ (کەسی سێیەمی تاك و کۆ) و کاردا دەبێت.

b- لــە ڕســتەدا دوو جــۆر ڕێککــەوتن بــوونی دەبێــت. یــەکێکیان لــە نێــوان بکــەر و بــەرکاری ڕاستەوخۆدایە (بە مەرجێك بکەر کەسی سێیەمی تــاك نــەبێت) و ئــەوی تریــان لــە نێــوان بــەرکاری ڕاستەوخۆ ( کەسی سێیەمی تاك و کۆ) و کاردایە.

c- لە چەند گوندێکی (دۆڵی بالیسان) دا، وەکو: (هەرتەل، بەڕۆژە، بێناتان، زێوە، هەرمك، مەلۆك) ڕێککەوتن لەنێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ (بۆ گشت کەسەکان) و کاردایە.

چ- گرێــی ڕێککــەوتنی بــەرکاری ناڕاســتەخۆدا (AGRIOP): لــە گرێــی ڕێککــەوتنی بــەرکاری ناڕاستەخۆ (AGRIOP) دا، سەرە، کلیتیکی بــەرکاری ناڕاســتەوخۆ (Ø)، یــان (ن) ە. دەشــێت سپێکەکەی ڕادە بێت و تەواوکەرەکەی گرێی کاری بێت. لە هەنــدێك لــەو ڕســتانەی کــە کارەکانیــان ڕابردووی تێنەپەڕە، وەکو (تێوەڕاخوڕین، تێفکــرین، پێوەنــازین، تێــوەراتن، پێفێربــوون، پێوەربــوون، ...هتد) گرێی پێشناوی بەشداری لە ڕۆنانی ئەو جۆرە ڕستانەدا دەکات، گرێی ڕێککــەوتنی بــەرکاری ناڕاستەخۆ لە چوارچێوەی (IP)، یان (AGRsP) دا، ئەو جۆرە ڕستانە شیکاردەکات. لــەم جــۆرە ڕستانەشدا، ڕێککەوتن لەنێوان کەرەستەکان بەم شێوەیە دەبێت:

a- لەو ڕستانەی کارەکانیان (تێوەڕاخوڕین، تێفکرین، پێوەنازین...هتد) ن، ڕێککەوتن لەنێوان بکەر و بەرکاری ناڕاستەوخۆ (فراواننەکراو) دا، دەبێت، بەمەرجێك بکەر کەسی سێیەمی تاك نەبێت.

b - لەو ڕستانەی کارەکانیان (تێوەڕاخوڕین، تێفکــرین، پێوەدان...هتــد) ن، دوو جــۆر ڕێککــەوتن هەن. یەکەمیان لەلایەکەوە ڕێککەوتن لەنێوان بکەر و بەرکاری ناڕاستەوخۆی فراوانکراو لە دواوە بــە هۆی مۆڕفیمی خستنەپاڵەوە (کەسی سێیەمی تاك و کۆ) دەبێت، بەمەرجێك بکەر کەســی ســێیەمی تاك نەبێت. لەلایەکی ترەوە ڕێککەوتن لە نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆی فراوانکراو لە دواوە بــە هــۆی مۆڕفیمی خستنەپاڵەوە (کەسی سێیەمی تاك و کۆ) و کاردا دەبێت. دووەمیــان ڕێککــەوتن لــەنێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆی فراوانکراو لە دواوە بە هۆی مۆڕفیمی خستنەپاڵەوە (کەسی ســێیەمی تــاك و کۆ) و کاردا دەبێت. هەروەها لە کارەکانی تری جگە لە (تێوەڕاخوڕین، تێفکرین، پێوەنازین...هتد) دا، ڕێککەوتن لەنێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆی فراوانکراو لە دواوە بە هــۆی مــۆڕفیمی خســتنەپاڵەوە (کەسی سێیەمی تاك و کۆ) و کاردا دەبێت. بە مەرجێك بکــەر، کەســی ســێیەمی تــاك بێــت و لــە پێشەوە بەهۆی ڕادەوە فراوانکرابێت، کە واتای ناوی کۆمەڵ ببەخشــێت و لــە دواوەش بــە مــۆڕفیمی (ەك) فراوانکرابێت.

c- کاتێك کاری ڕستە، ڕابردووی تێنەپەڕی لێکدراو بێت، دوو جۆر ڕێککەوتن لە ڕستەدا دەبێت، یەکەمیان لە لایەکەوە ڕێککەوتن لەنێوان بکەر (بە مەرجێك کەسی سێیەمی تاك نەبێت) و کار دەبێت و کلیتیکی بکەری بە کەرتی یەکەمی کاری لێکدراوەوە دەنووسێت، لەلایەکی ترەوە ڕێککەوتن لەنێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆی فراوانکراو لە دواوە بە هۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە (کەسی سێیەمی تاك و کۆ) و کاردا دەبێت. کاتێك بکەریش کەسی سێیەمی تاك بێت، ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردا نامێنێت. دووەمیان ڕێککەوتن لەنێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆی فراوانکراو لە دواوە بە هۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە (کەسی سێیەمی تاك و کۆ) و کاردا دەبێت.

ح- <u>گرێی لێکدەر (CoP)</u>: لەگەڵ بەشێکی کەم لە ڕستەی لێکدراوی شێوەزاری خۆشناوەتیدا دەگونجێت.

خ- <u>گرێی گەیەنەر(CP)</u>: لە گرێی گەیەنەر(CP) ی شێوەزاری خۆشناوەتیدا، بە زۆری ئامرازی گەیەنەر دەرناکەوێت و ئەبستراکتە.

3- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، کە بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ ڕاناوی کەسیی جودا بن، ئەوا ڕاناوەکان بریتیدەبن لە (ك A): {ئەمن/ئەز، ئەتوو، ئەو، ئەمە، ئەنگۆ، ئەو/ئەوان}، کە بەرکاری ناڕاستەخۆ و دیارخەریش ڕاناوی کەسیی جودا بن، ئەوا ڕاناوەکان بریتیدەبن لە (ك B ): {من، توو، وی/(وی، وێ)، مە، نگۆ/وە، وان}.

4- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، هەردوو جۆری سیستەمی دۆخ هەن، کە بریتین لە: سیستەمی نۆمینێتیڤ- ئەکیوزەتیڤ و سیستەمی ئێرگەتیڤ- ئەبسۆلوتیڤ.

لە بارەی سیستەمی نۆمینێتیڤ- ئەکیوزەتیڤەوە، لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لەو ڕستانەی سەر بە سیستەمی نۆمینێتیڤ- ئەکیوزەتیڤن، گرێ ناوییەکان، کە دۆخی نۆمینێتیڤ و ئەکیوزەتیڤ و داتیڤ و (خستنەسەری و خاوەنداری) وەردەگرن، لە هەندێك باردا نیشانەناکرێن، بەڵام لە هەندێك باری تردا نیشانەدەکرێن.

5- لە بارەی سیستەمی ئێرگەتیڤ- ئەبسۆلوتیڤەوە، ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە لە ( ش خ) دا هەیە:

أ- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لە سیستەمی ئێرگەتیڤ- ئەبسۆلوتیڤدا، بکەری ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕ (S) و بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕ ڕەفتاری یەکسانیان دەبێت و لە دۆخی ئەبسۆلوتیڤدا دەبن. لە بەرامبەردا، کارای ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕ (A) ڕەفتاری جیاوازی دەبێت و مۆرفۆلۆجییانە نیشانەدەکرێت و لە دۆخی ئێرگەتیڤدا دەبێت. ڕەفتاری جیاوازی کارای ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕ لە ناو و ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە. ناوی نێر مۆرفیمی (ی) و ناوی مێ مۆرفیمی (ێ) و ناوی کۆی نێر و مێ مۆرفیمی (ان/ا) وەردەگرن. لە (دۆڵی مەلەکان و

دۆڵی بالیسان) دا، ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکی نێر بە مۆرفیمی (ی) و هی مێش، بە مۆرفیمی (ێ) نیشانەدەکرێت، بەڵام لە (دۆڵی هیران - دەشتی هەریر، دۆڵی تەوسکە، دۆڵی سماقوولی، دۆڵی کۆڕێ - پیرمام و دەوروبەری) دا، ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکی نێر و مێ بە مۆرفیمی (ی) نیشانەدەکرێت و بەرکاری ڕاستەوخۆش نیشانەناکرێت و لە دۆخی ئەبسۆلوتیڤدا دەبێت، بەڵام لە (گوندی هەرتەل ، گوندی بەرۆژە، گوندی بێناتان) ی سەر بە دۆڵی بالیساندا، لە ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕدا، وەکو گۆڤەرەکانی تر ناو و ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك نیشانەدەکرێن، بەڵام لە ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕی دەمی تەواودا، ڕاناوی ( ئەمن) بە مۆرفیمی (ێ) بۆ نێر و (ا) بۆ مێ نیشانەدەکرێت، بە مەرجێك، بەرکاری ڕاستەوخۆ وەکو مۆرفیمی سەربەخۆ دەرنەبڕابێت و بەکلیتیك کرابێت، لەم بارەدا، کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو پێکهاتەی کار و بەرکاری ڕاستەوخۆش شوێنپێیەك لە شوێنی خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵام، کاتێك بکەر ببێتە (pro)، ئەوا (pro) بە مۆرفیمی (وێ) بۆ نێر و (وا) بۆ مێ نیشانەدەکرێت. ئەگەر بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆش وەکو مۆرفیمی سەربەخۆ دەربڕدرێت. نیشانە ئێرگەتیڤییەکە بۆ سەر بەرکاری ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە.

ب- لەو ڕستانەی سەر بە سیستەمی ئێرگەتیڤ- ئەبسۆلوتیڤن، (INFL) و مۆرفیمی کات و (AGRO) دۆخدەرن و کەرەستە دوخوەرگرەکانیش، بریتین لە کارا و بەرکاری ڕاستەوخۆ.

پ- لەو ڕستانەی کە کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕە، ئەوا بەرکاری ڕاستەوخۆ (کەسی سێیەمی تاك و کۆ) و کار لەڕووی کەس و ژمارەدا لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون، بەڵام لە گوندەکانی (هەرتەل، بەرۆژە، بێناتان، زێوە، هەرمك، مەلۆك)، کە سەر بە دۆڵی بالیسانن، بەرکاری ڕاستەوخۆ (بۆ گشت کەسەکان) و کار ڕێکدەکەون.

ت- کاری (ویان/ ویستن) و (خۆشویان/ خۆشویستن) لە کارە تێپەڕەکانی تر جیاوازن، بەوەی لە ڕستەی کار ڕابردوو و ڕانەبردوودا، کارا ناوبێت، یان ڕاناوی جودای کەسیی سێیەمی تاك بێت، دەکەوێتە دۆخی ئێرگەتیڤییەوە و نیشانە دەکرێت، هەروەها بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار لەڕووی کەس و ژمارەدا لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون. هەروەها لەو ڕستانەی کارەکانیان (ویان/ ویستن) و (خۆشویان/ خۆشویستن)ە، جۆرە ڕێککەوتنێکی تر هەیە، کە لە لایەکەوە بکەر (جگە لە کەسی سێیەمی تاك) و بەرکاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون، لە لایەکی ترەوە بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون. هەروەها ئەو ڕستانەی کە کارەکانیان (هەبوون) ە و واتای خاوەنداریێتی دەبەخشن، لە ڕستەی کار ڕابردوو و ڕانەبردوودا، کارا ناوبێت، یان ڕاناوی جودای کەسیی سێیەمی تاك بێت، دەکەوێتە دۆخی ئێرگەتیڤییەوە و نیشانەدەکرێت، هەروەها تەواوکەر و کار لەڕووی کەس و ژمارەدا لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون. هەروەها لەو ڕستانەی کە کارەکانیان (هەبوون)ە و واتای خاوەنداریێتی دەبەخشن، دەشێت دوو جۆر ڕێککەوتن لەڕستەکاندا هەبێت. لە لایەکەوە بکەر (جگە لە کەسی

سێیەمی تاك) و تەواوکەر لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون، لە لایەکی ترەوە و تەواوکەر و کار لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون. بەم پێیە ئێرگەتیڤی شێوەزاری خۆشناوەتی ئێرگەتیڤی پچڕاوە، بەڵام لەو ڕستانەی کە کارەکانیان (ویستن)، (خۆشویستن)، یان (هەبوون) ە و واتای خاوەنداریێتی دەبەخشێت، ئێرگەتیڤی تەواو هەیە.

ج- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، ڕاناوە کەسییە جوداکانی{ئەمن/ئەز، ئەتوو، ئەو، ئەمە، ئەنگۆ، ئەو/ئەوان} لە دۆخی ئێرگەتیڤ و ئەبسۆلوتیڤ و دۆخی نۆمینێتیڤ و ئەکیوزەتیڤدا بەکاردێن، بەڵام ڕاناوە کەسییە جوداکانی{مـن، تـوو، وی/(وی، وێ)، مـە، نگـۆ/وە، وان} لـە دۆخـی داتـیڤ و خستنەسەر بەکاردێن.

چ- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، ئێرگەتیڤی سینتاکسی لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا هەیە.

6- لە گوندەکانی (هەرتەل، بەڕۆژە، بێناتـان) کـە سـەر بـە دۆڵـی بالیسـانن، (هـۆ...ا) نیشـانەی مۆڕفۆلۆجیی دۆخی بانگکردنە بۆ تاکی نێر و (هۆ...ێ) ) نیشانەی مۆڕفۆلۆجیی دۆخـی بانگکردنـە بۆ تاکی مێ.

7- لە بارەی ئەنافۆرەوە: أ- لە شێوەزاری خۆشـناوەتیدا، ڕانـاوی خـۆییی ڕەنگـدەرەوە دوو فـۆڕمی هەیە. کاتێك فۆڕمی (خۆ) بەکاردێت، لەگەڵ بۆگەڕاوەکەی ڕەچاوی ڕێککەوتن ناکات، بەڵام کاتێـك فۆڕمی (خۆ) و ڕاناوە کەسییە لکاوەکان پێکەوە فۆڕمی (خـۆم، خـۆت، خـۆ، خـۆن، خـۆو، خۆیـان) پێکدێنن لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بۆگەڕاوەکانیان ڕێکدەکەون و هاونیشانە دەبن.

ب- لە شێوەزاری خۆشـناوەتیدا، ڕانـاوی هاوبـەش دوو فـۆڕمی هەیـە. کاتێـك فـۆڕمی (ئێکـدی) بەکاردێت، لەگەڵ بۆگەڕاوەکەی ڕەچاوی ڕێککەوتن ناکات، بەڵام کاتێك فۆڕمی {ئێکدی + ڕانـاوی کەسیی لکاوی (ین، و، یان)}، بەکاردێت، لەگەڵ بۆگەڕاوەکانیان لە کەس و ژمارەدا، لەگەڵ یـەکتر ڕێکدەکەون و هاونیشانە دەبن.

8- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لە ڕستەی ئاڵۆزدا، دەشێت بکەری لاڕسـتە لەگـەڵ بکـەری ڕسـتەی سەرەکیدا، هاونیشانەبن، یان هاونیشانەنەبن، ئەگـەر لێڵـیش هاتەکایـەوە، بـەهۆی دانـانی هێمـای هاونیشانەبوون، یان هاونیشانەنەبوون لێڵییەکە دەرەوێتەوە. هەروەها دەشێت بکەری لاڕسـتە لەگـەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەی سەرەکیدا، هاونیشانەبن، یان هاونیشانەنەبن، لەمەشیاندا، ئەگەر لێڵـی هاتەکایەوە، بەهۆی دانانی هێمای هاونیشانەبوون، یان هاونیشانەنەبوون لێڵییەکە دەرەوێتەوە.

9- لە شێوەزاری خۆشـناوەتیدا، لـە ڕسـتەی کـار ڕابـردوو و ڕانـەبردووی تێنەپـەڕ و ڕسـتەی کـار ڕانەبردووی تێپەڕ و ڕستەی فەرماندانی ئاشکرا و نائاشکرای کار تێنەپەڕ و تێپـەڕدا، دەشـێت بکـەر بکەوێت، چونکە کلیتیکی بکەری بەشداری لە ڕۆنانی ڕسـتەدا دەکـات و (pro) ش بۆشـایی بکـەر پڕبکاتەوە، بەڵام لە ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕدا، بە پێی گۆڤەرەکانی شـێوەزاری خۆشـناوەتی، دوو

جۆری هەیە. لە جۆری یەکەمیاندا، لە گۆڤەرەکانی (هەندێك ناوچەی دۆڵی هیران - دەشتی هەریر، دۆڵی تەوسکە، دۆڵی سماقوولی، دۆڵی کۆڕێ - پیرمام و دەوروبەری) دا ،
دەشێت بکەر بکەوێت، چونکە کلیتیکی بکەری بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا دەکات و شوێنی بکەری کەوتووش، بە (pro) پڕدەکرێتەوە. هەروەها دەشێت لە ڕستەکانی کاری بوون و هەبووندا، بکەر بکەوێت.
لە جۆری دووەمیاندا، لە گۆڤەرەکانی (دۆڵی مەلەکان، دۆڵی بالیسان، چەند ناوچەیەکی دۆڵی هیران - دەشتی هەریر) دا، بکەر ناکەوێت، چونکە کلیتیکی بکەری بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا ناکات و کرتاندنی بکەر دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی نارێزمانی.
10- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لە بارەی پەیوەندی نێوان (pro) و کەرەستەی تر لە چوارچێوەی تیۆری کۆنترۆڵدا، دەشێت (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ) ی ڕستەی سەرەکی کۆنترۆڵی بکەر (pro) ی لاڕستە بکەن و لەگەڵیدا هاونیشانە بن. واتە(pro) ی لاڕستە دەبێتە کۆنترۆڵکراو.
11- لەبارەی گواستنەوەی کەرەستەکانەوە: أ- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لە دوو جۆر ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕدا، کلیتیکی بکەری بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەنووسێت. یەکەمیان، لە گۆڤەرەکانی (هەندێك ناوچەی دۆڵی هیران - دەشتی هەریر، دۆڵی تەوسکە، دۆڵی سماقوولی، دۆڵی کۆڕێ - پیرمام و دەوروبەری) دا ، لەم جۆرە ڕستانەدا، کە بەرکاری ڕاستەوخۆ بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ دەرنەبڕابێت کلیتیکی بکەری لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیەتی، کە لە ناو پێکهاتەی کاردایە. کاتێك بەرکاری ڕاستەوخۆ بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا دەکات، بە مەرجێك بکەر کەسی سێیەمی تاك نەبێت و بەرکاری ڕاستەوخۆش، ڕاناوی کەسی جودای یەکەم و دووەمی تاك، یان کۆ بێت، کلیتیکی بکەری لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیەوە دەجولێت و بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەنووسێت و ڕێککەوتنیش لە نێوان بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ دا دەبێت. دووەمیان، لە (دۆڵی مەلەکان، دۆڵی بالیسان، چەند ناوچەیەکی دۆڵی هیران - دەشتی هەریر) دا، کاتێك بەرکاری ڕاستەوخۆ بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ دەربڕابێت، بە مەرجێك بکەر کەسی سێیەمی تاك نەبێت و بەرکاری ڕاستەوخۆش کەسی سێیەمی تاك، یان کۆ بێت، دوو ڕێککەوتن لە ڕستەدا دەبن. لە لایەك ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ دا دەبێت. لە لایەکی تر ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤی لە نێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ (کەسی سێیەمی تاك، یان کۆ) و کاردا دەبێت. لەم جۆرە ڕستانەدا، کە کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ کۆپیدەبێت و بۆ ناو پێکهاتەی کار دەگوازرێتەوە، جێگا بە کلیتیکی بکەری لەقدەکات و کلیتیکی بکەریش دەجولێت و بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەنووسێت.
لە هەردوو جۆری ڕستەکەدا، کاتێك سەربار بەشداریی ڕۆنانی ڕستە دەکات، بە مەرجێك سەربار

نەچێتە پێش بکـەرەوە، کلیتیکـی بکـەری لـە بـەرکاری ڕاسـتەوخۆوە دەگوازرێتـەوە و بـۆ سـەربار جوڵەدەکات. دەشێت بە پێی ویستی ئاخێوەر ژمارەی سـەربار زیادبکرێـت. لـەم بارەشـدا کلیتیکـی بکەری بۆ دوا سەربار جوڵەدەکات. کاتێك ڕادەش بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا دەکـات، ڕادە لـە دوای هەموو سەربارەکانەوە دێت و کلیتیکی بکەریش بۆ سەر ڕادە جوڵە دەکات. کلیتکی بکەری دەچـێتە سەر ئەو کەرەستەیەی کە لەپێش بەرکاری ڕاستەوخۆوە دێت.

ب- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، هەندێك لەو ڕسـتانەی کـە کارەکانیـان ڕابـردووی تێنەپـەڕە، وەکـو (تێوەڕاخوڕین، پێوەنازین، پێوەدان...هتد)، گرێی ڕێککەوتنی بـەرکاری ناڕاسـتەخۆ لـە چوارچـێوەی (IP)، یان (AGRsP) دا، بەشداریی شیکارکردنیاندەکات. کاتێك سـەربار بەشـداری لـە ڕۆنـانی ڕستەدا دەکات، بە مەرجێك سەربار نەچێتە پێش بکەرەوە، کلیتیکی بکەری بۆ سەربار جوڵەدەکات. دەشێت بە پێی مەبەستی قسەکەر ژمارەی سەربار زیادبکرێت. لەم بارەشدا کلیتیکی بکـەری بـۆ دوا سەربار جوڵەدەکات. کاتێـك ڕادەش بەشـداری لـە ڕۆنـانی ڕسـتەدا دەکـات، ڕادە لـە دوای هـەموو سەربارەکانەوە دێت و کلیتیکی بکەریش بۆ سەر ڕادە جوڵەدەکات. کلیتیکـی بکـەری دەچـێتە سـەر ئەو کەرەستەیەی کە لەپێش بەرکاری ناڕاستەوخۆوە دێت. هـەروەها کاتێـك کـاری ڕسـتە ڕابـردووی تێنەپەڕی لێکدراو بێت و گرێی ڕێککـەوتنی بـەرکاری ناڕاسـتەخۆ بەشـداریی شـیکارکردیاندەکات. کاتێك سەربار بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا دەکات، بە مەرجێك سەربار نەچێتە پێش بکـەرەوە، ئـەوا کلیتیکی بکەری بۆ سەربار جوڵـە دەکـات. کاتێـك ڕادەش بەشـداری لـە ڕۆنـانی ڕسـتەدا دەکـات، کلیتیکی بکەری بۆ سەر ڕادە جوڵە دەکات. واتە کلیتیکی بکەری دەچێتە سەر ئەو کەرەستەیەی کـە لە پێش کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو دێت.

پ- لە ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕدا، لە ڕۆنانی قووڵدا، بکەر لە سپێکی (VP) دا، بەرهەمـدێت و ڕۆڵی سـێماتیکی وەردەگرێت. لە ڕۆنانی ڕووکەشیشدا، بکەر بۆ سپێکی (IP) جوڵـە دەکـات، بـۆ ئەوەی دۆخی ئەبسۆلوتیڤ لە (INFL) وەربگرێت.

ت- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لەو ڕستانەی سەر بە سیستەمی ئێرگەتیڤ- ئەبسۆلوتیڤن، کارا لـە ڕۆنانی قووڵدا لە سپێکی (VP) دا، بەرهەمدێت و ڕۆڵی سـێماتیکی وەردەگرێـت، دوای ئـەوە لـە ڕۆنانی ڕووکەشـدا، بـۆ سـپێکی (IP)، (AGRsP)، یـان (TP) جوڵـەدەکات، بۆئـەوەی دۆخـی ئێرگەتیڤی لە (INFL)، (AGR) یان (T) وەربگرێت. هەروەها گرێی ناویی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕۆنانی قووڵدا، لە ژێر نۆدی (VP) بەرهەمدێت و ڕۆڵی سێماتیکی وەردەگرێـت، دوای ئـەوە لـە ڕۆنـانی ڕووکەشـدا بـۆ سـپێکی (AGROP) جوڵـەدەکات، بۆئـەوەی دۆخـی ئەبسـۆلوتیڤ لـە (AGRO) وەربگرێت.

ج- له بارەی گواستنەی گرێی ناوی له ڕۆنانی بکـەر نادیـاردا: ڕۆنـانی بکـەر نادیـار لـە شـێوەزاری خۆشناوەتیدا، دوو جۆری هەیە. جۆرێکیان وەکو شێوازی نووسینی دیـالێکتی کرمـانجی ناوەڕاسـتە و ئەوی تر وەکو نەرێی بکەر نادیاری دیالێکتی کرمانجی ژووروەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

a - جۆری یەکەم، کە وەکو شێوازی نووسینی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە. ئەم جـۆرە لـە ڕۆنـانی ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕی بکەردیاردا، سەر بە سیستەمی (ئێرگەتیڤ- ئەسبۆلوتیڤ) ە. بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەی ڕابردووی بکەر دیار، کە دەبێتە بکەری ڕێزمانیی ڕستەی بکەر نادیار، لە ڕۆنانی قوولّدا، لەژێر نۆدی (VP) دا، بەرهەمدێت و ڕۆڵی سێماتیکی وەردەگرێت، بـەڵام دۆخ وەرناگرێـت. بۆیە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی بەتاڵ، ئەویش سپێکی (IP) یە، بۆئەوەی دۆخـی ئەبسـۆلوتیڤ لـە (INFL) وەربگرێت.

b -جۆری دووەم، وەکو ڕستەی نەرێی بکەر نادیـاری دیـالێکتی کرمـانجی ژووروەوە. ئـەم جـۆرە لـە ڕۆنانی ڕستەی کار ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاردا، سەر بە سیسـتەمی نـۆمینێتیڤ- ئەکیوزەتیڤـە. بکەری ڕێزمانی، لـە ڕۆنـانی قوولّـدا، لـەژێر نـۆدی (VP) دا، بەرهەمـدێت و ڕۆڵـی سـێماتیکی وەردەگرێت، بەڵام دۆخ وەرناگرێت. بۆ وەرگرتنی دۆخیش، دەبێت بۆ شـوێنێکی بـەتاڵ بجوڵێـت. ئـەو شوێنە بەتاڵەش سپێکی (IP) یە، بۆ ئەوەی دۆخی نۆمینێتیڤ وەربگرێـت. هـەر لـە جـۆری دووەم، کاتێك لە ڕستەی بکەردیاردا، کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕ بێت، ڕۆنانی ئەم جـۆرە ڕسـتەیە سـەر بـە سیستەمی (ئێرگەتیڤ- ئەسبۆلوتیڤ) ە. بکەری ڕێزمانی لە ڕۆنانی قوولّدا، لەژێر نـۆدی (VP) دا، بەرهەمدێت و ڕۆڵی سـێماتیکی وەردەگرێت، بەڵام دۆخ وەرناگرێت. بۆ وەرگرتنی دۆخیش، دەبێت بـۆ شوێنێکی بەتاڵ بجولێت. ئەو شوێنە بەتاڵـەش سـپێکی (IP) یـە، بـۆ ئـەوەی دۆخـی ئەبسـۆلوتیڤ وەربگرێت.

چ- له بارەی گواستنەوە بە هۆی کۆپیکردنەوە: لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، کۆپیکردن بەم شـێوەیەی خوارەوەیە:

a- لەو جۆرە ڕستانەی کە ڕێککەوتن لە نێـوان بـەرکاری ڕاسـتەوخۆ و کاردایـە، واتـە ڕێککـەوتنی ئێرگەتیڤی هەیە، ئەوا لە ژێر دەسەڵاتی (AGROP) دا، کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ کۆپیدەبێت و بۆ (AGRO) دەگوازرێتەوە.

b- کۆپیکردن لەو ڕستانەی کە کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕە و بە (AGRIOP) شـیکاردەکرێن، کاتێك ڕێککەوتن لە نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ (کەسی سێیەمی تاك و کۆ) و کـاردا هـەبێت. لـەم جۆرە ڕستانەدا، گرێ پێشناوی (PP) لە ژێر دەسەڵاتی (V´) دایە و (V´) یش لە ژێـر دەسـەڵاتی (VP) دایـە. (VP) یـش، لـە ژێـر دەسـەڵاتی (AGRIO´) دایـە. واتـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی

(AGRIO´) دا، کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Ø)، یان (ن) کۆپیدەبێت و بۆ (AGRIO) دەگوازرێتەوە.

c- لەو ڕستانەی کە کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕە، کاتێك دیارخراو بەرکاری ڕاستەوخۆ بێت، لە ڕۆنانی ڕووکەشدا، دیارخەر لە ژێر نۆدی (NP) ی (VP) دا، کۆپیدەبێت و بە کلیتیك دەکرێت. کلیتیکەکانی خاوەنیەتیش بریتین لە (م، ی، Ø، ین، ن، ن) و دەگوازرێنەوە بۆ نۆدی (V´) و دەچنە ناو پێکهاتەی کار و شوێنپێیەك لە شوێنی بنەڕەتی خۆیان بەجێدەهێڵێن. مۆرفیمی خستنەپاڵیش، شێوەی فۆنەتیکیی نامێنێت.

خ- لە بارەی گواستنەوە لە ڕستەی باسەندا: a- لە ڕستەی باسەندا، ئەو ڕستە کار ڕابردووە تێپەڕانەی کە ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤیان لە نێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار هەیە، کە بەرکاری ڕاستەوخۆیان بە لوتکەدەکرێت، بەرکاری ڕاستەوخۆ بۆ شوێنێکی نائارگیومێنتی دەگوازرێتەوە و لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیدا، شوێنپێیەك لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت. بەم پێیە بەرکاری ڕاستەوخۆی بە لوتکەکراو و شوێنپێی بەرکاری ڕاستەوخۆ و کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ (ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤی) لە کەس و ژمارەدا، هاونیشانە دەبن.

b- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لە (هەندێك ناوچەی دۆڵی هیران - دەشتی هەریر، دۆڵی تەوسکە، دۆڵی سماقوولی، دۆڵی کۆڕێ - پیرمام و دەوروبەری) دا، گرێی دیاریکەری خاوەنیەتی، کە ئەرکی بکەر ببینێت و مۆرفیمی خستنەپاڵ سەرەی گرێ بێت، دەشێت دیارخەر بهێنرێتە پێشەوە و بە لوتکەبکرێت، کەرەستەی بەلوتکەکراویش لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیدا، کلیتیکێکی سەر بە هەمان کەس و ژمارە بەجێدەهێڵێت و بە ناوی دیارخراوەوە دەنووسێت و دیارخەری بەلوتکەکراویش لەگەڵ کلیتیکەکە هاونیشانە دەبن و مۆرفیمی خستنەپاڵیش شێوەی فۆنەتیکیی نامێنێت، بەڵام لە (دۆڵی مەلەکان ، دۆڵی بالیسان، چەند ناوچەیەکی دۆڵی هیران - دەشتی هەریر) دا، کە دیارخەر بە لوتکەدەکرێت، دەشێت کەرەستەی بە لوتکەکراو لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیدا، کلیتیکێکی سەر بە هەمان کەس و ژمارە بەجێنەهێڵێت و مۆرفیمی خستنەپاڵیش شێوەی فۆنەتیکیی نامێنێت. هەروەها لە گرێی دیاریکەری خاوەنیەتیدا، کە مۆرفیمی خستنەپاڵ سەرەی گرێ بێت، کاتێك گرێی دیاریکەری خاوەنیەتی ئەرکی بکەر ببینێت و دیارخەریش ڕاناوی کەسی جودا بێت، ڕاناوەکان بریتی دەبن لە: {من، تور، (وی، وێ)، مە، نگۆ/ وە، وان}. کاتێك دیارخەر بە لوتکەدەکرێت، ڕاناوە کەسییەکان دەگۆڕین بۆ (ئەمن/ ئەز، ئەتوو، ئەو، ئەمە، ئەنگۆ، ئەوان) و لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیاندا کلیتیکێکی سەر بە هەمان کەس و ژمارە بەجێدەهێڵن و بەناوی دیارخراوەوە دەنووسێن و دیارخەری بەلوتکەکراویش لەگەڵ کلیتیکەکە هاونیشانە دەبن و مۆرفیمی خستنەپاڵیش شێوەی فۆنەتیکیی نامێنێت.

12- له بارەی کرتاندنەوە: أ- له شێوەزاری خۆشناوەتیدا، دەشێت له ڕستەی لێکدراودا، ئامرازی لێکدەر بکرتێنرێت، هەروەها دەشێت له ڕستەی ئالۆزیشدا، ئامرازی گەیەنەر بکرتێنرێت.

ب- له ڕستەی لێکدراوی کار ڕابردووی تێپەڕدا، کە ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤی لە نێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ و کاری ڕستەی یەکەم هەبێت، گرێی ناویی بەرکاری ڕاستەوخۆ، کە لە ڕستەی دواتردا دووبارەدەبێتەوە، دەشێت بکرتێنرێت و شوێنپێیەکیش لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی لە ڕستەی دووەم بەجێدەهێڵێت و بەرکاری ڕاستەوخۆش کلیتیکێکی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی خۆی کۆپیدەکات و بۆ ناو ڕۆنانی کاری ڕستەی دووەم دەگوازرێتەوە. لەم بارەدا، بەرکاری ڕاستەوخۆ و کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ (ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤی) ی ڕستەی یەکەم و شوێنپێ و کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەی دووەم، هەر هەموویان لەگەڵ یەکتر هاونیشانە دەبن.

پ- ئەو ڕستە لێکدراوانەی گرێی ڕێککەوتنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەشداری شیکارکردنیان دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی کارەکانیان (تێوەڕاخوڕین، تێفکرین،...هتد) بێت، هەروەها ئەو ڕستانەی کارەکانیان، ڕابردووی تێنەپەڕی لێکدراو بێت، کە ڕێککەوتن لە نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و کاری ڕستەی یەکەم هەبێت، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، کە لە ڕستەی دواتردا دووبارەدەبێتەوە، دەشێت بکرتێنرێت، بەڵام پێشناوەکانیش لە ڕستەی دووەم دەگۆڕێن بۆ (وە، پێ، وێ، تێ، لێ) و پاشناوی (ێ). لە ڕستە کار لێکدراوەکاندا، کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو شێوەی فۆنەتیکیی نامێنێت. ئەم جۆرە ڕستانە، کە گرێی ڕێککەوتنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەشداری شیکارکردنیان دەکات، بەرکاری ناڕاستەوخۆ شوێنپێیەك لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی لە ڕستەی دووەم بەجێدەهێڵێت و بەرکاری ناڕاستەوخۆش کلیتیکێکی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی خۆی کۆپیدەکات و بۆ ناو ڕۆنانی کاری ڕستەی دووەم دەگوازرێتەوە. لەم بارەدا، بەرکاری ناڕاستەوخۆ و کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستەی یەکەم و شوێنپێ و کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستەی دووەم، هەر هەموویان لەگەڵ یەکتر هاونیشانە دەبن.

ت- لەو ڕستە ئالۆزانەی کاری لاڕستەیان ڕابردووی تێپەڕە و ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤیان لە نێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار هەیە، کە گرێی ناویی بەرکاری ڕاستەوخۆ دووبارەبوویەوە، دەشێت بکرتێنرێت، چونکە لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆی لاڕستەدا، هاونیشانەیە و شوێنپێیەکیش لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی لە ڕستەی سەرەکی بەجێدەهێڵێت و کلیتیکێکی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی خۆی کۆپیدەکات و بۆ ناو ڕۆنانی کاری ڕستەی سەرەکی دەگوازرێتەوە. بەرکاری ڕاستەوخۆ و کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ (ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤی) لە لاڕستە و شوێنپێ و کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەی سەرەکی لەگەڵ یەکتر هاونیشانە دەبن.

13- له بارەی کلیتیکەوە: أ- ئەو ڕستانەی کە سەر بە سیستەمی (ئێرگـەتیف- ئەبسـۆلوتیڤ) ن و ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤیان هەیە. واتە بەرکاری ڕاستەوخۆ و کاریان لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکـەون، ( ك B) دەبێتە کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ (ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤی).

ب- لە ڕستە ئەرێکانی دەمی (نزیك، تەواو، دوور) ی کار ڕابردووی تێپەری (بێ گیرەکی وشەداڕێژ) دا، کاتێك لە ڕۆنانی ڕووکەشدا بەرکاری ڕاستەوخۆ بە کلیتیك دەکرێت، شوێنپێیەك لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت و کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ بۆ ناو پێکهاتەی کار دەگوێزرێتەوە. ئەم شوێنپێیەش لەگەڵ کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ لەکەس و ژمارەدا، هاونیشانە دەبن و (ك A) دەبێتە کلیتیکی بکەری و لە دوای کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆوە دێت، کە (ك B) یە.

پ- ئەو ڕستانەی کە پاشناوی (ێ) بەشداری لە ڕۆنانیان دەکات، لە ڕستەی کـار ڕابـردووی تێپـەڕی ڕاگەیاندندا،

(ك B) دەبێتە کلیتیکی پێشناوی، بەڵام لە ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕ و کار ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا، (ك A) دەبێتە کلیتیکی پێشناوی.

ت- لە ڕستەی کار ڕابردووی تێپەڕدا، (ك B) دەبێتە کلیتیکی خاوەنیەتی، بـەڵام لـە ڕسـتەی کـار ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا، (ك A) دەبێتە کلیتیکی خاوەنیەتی.

پ/ دوا وتەت چییە؟

زۆر سوپاسی ئەو خانەوادە و کەسە بەڕێزانە دەکەم، کە لە خۆشناوەتی سەردانم کـردوون. بـە ڕاسـتی نموونەی مرۆڤی ئاکار بەرز و میواندۆست بوون و هیوادارم پەروەردگاری کاربەجێ سـەرفرازی هـەردوو جیهانیان بکات و نموونەیان زۆر بێت.


خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول
توێژەر


لیژنەی گفتوگۆ لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتووە:
پ. د. وریا عومەر ئەمین
پ. ی. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر
پ. د. یوسف شەریف سەعید
زانکۆی سلێمانی
زانکۆی سۆران
زانکۆی سەلاحەددین

